ئەگەر بینیتان (مانگی ڕەمەزان) ئەوا ڕۆژوو بگرن، وئەگەر بینیتان (مانگی شەوال) ئەوا ڕۆژوو بشکێنن، ئەگەر نادیار بوو لێتان ئەوا خەملّاندنی بۆ بکەن

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: «ئەگەر بینیتان (مانگی ڕەمەزان) ئەوا ڕۆژوو بگرن، وئەگەر بینیتان (مانگی شەوال) ئەوا ڕۆژوو بشکێنن، ئەگەر نادیار بوو لێتان ئەوا خەملّاندنی بۆ بکەن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نیشانەی هاتن وتەواوبوونی مانگی ڕەمەزان ڕوونەدەکاتەوە، ودەفەرموێت: ئەگەر مانگی ڕەمەزانتان بینی؛ بەڕۆژوو بن، وئەگەر هەور یان شتێکی تر هاتە نێوان ئێوە وبینینی مانگ؛ ئەوا مانگی شەعبان بە سی ڕۆژ حسێب بکەن، وئەگەر مانگی شەوالتان بینی؛ ڕۆژوو بشکێنن، وئەگەر هەور یان شتێکی تر هاتە نێوان ئێوە وبینینی مانگ؛ ئەوا مانگی ڕەمەزان بە سی ڕۆژ حسێب بکەن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4549